فێرکردنی زیاتری پێشنیارکراو :

پاشکۆی یەکەم : ڕۆحە خراپەکارەکان و جەنگی ڕۆحیی .

پاشکۆی دوەم : فریشتەو جەنگی ڕۆحیی .

ڕێبەری هەشتەم - وانەی ٣٧

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) یاقوب

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (یاقوب ١- ٣) لەگەڵ ڕەچاوکردنی کات باشترە بەشداریکردنەکان کورتخایەن بن .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) "خەرجکردن بە خۆشەویستی " ٢کۆرنسۆس ١٢: ١٤- ١٥

زنجیرەی حەوتەم لە ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەتە بە " هاوسەرگیری مەسیحی ". ناونیشانی پێنج ئایەتەکەی لەبەرکردن ئەمانەن :
خەرجکردن بە خۆشەویستی ، هەموو لایەنەکان گەشە پێبدە ، بە وشەکانی خودا فێرکردن پێشکەش بکە ، پەروەردە کردنت لە خوداوەندا ، خۆشەویستی لەڕێگەی تەمێکردنەوە . بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، "خەرجکردن بە خۆشەویستی " ٢کۆرنسۆس ١٢: ١٤-١٥.

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) بەڕێوەبردنی دارایی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا

پێشەکی : ئەم فێرکردنە تایبەتە بە بنەماکانی مامەڵەکردنی کردارەکی بە پارەوە بە شێوازێکی دروست . تیایدا کاریگەری پارە لەسەر ژیانی سەرزەوی و ژیانی هەتاهەتایی لە ئاسمان ئاشکرا دەکەین . هەروەها شێوازی ژیانی سادەی باوەڕدار لەم جیهانەدا دەخوێنین .

أ. گرنگی بەڕێوەبردنی دارایی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە شێوازی دروست

١. کاریگەری پارە لەسەر ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : جۆری کاریگەری پارە هسەر ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی کامەیە ؟

أ. پارە ناتوانێ کەس تێر بکات .

ژیرمەندی ٥: ١٠- ١٧ دەخوێنینەوە : " ئەوەی حەزی لە پارە بێت لە پارە تێر نابێت،ئەوەی حەزی لە سامان بێت لە داهات تێر نابێت، هەروەها ئەمەش بێ واتایە. بە زیادبوونی خێروبێرزیاد دەبن ئەوانەی دەیخۆن .ئایا چ سوودێکی بۆ خاوەنەکەی هەیە، جگە لەوەی تەنها

چاوەکانی تێری لێ دەخۆن؟ خۆشە خەوی کاریگەر،کەم بخوات یان زۆر، ڕێ بۆ خەو نادات. خراپەیەکی ناخۆش هەیە لەسەر زەویدا بینیم: سامانێك پارێزراوە بۆ خراپەی خاوەنەکانی، ئەم سامانەش لە مامەڵەیەکی خراپدا لەناوچوو،ئینجا کوڕێکیان بوو و هیچی بۆ نەمایەوە هەتا بۆ کوڕەکەی بەجێبهێڵێت. وەك چۆن لە سکی دایکی هاتە دەرەوە،بە ڕووتی دەگەڕێتەوە، دەڕوات وەك هات .هیچ شتێك لە ماندووبوونەکەی نابات لەگەڵ دەستی کە دەڕوات. ئەمەش خراپەیەکی ناخۆشە:هەروەك چۆن مرۆڤ دێتە جیهان، بە هەمان شێوە بەجێدەهێڵێت، ئەوەی ماندووبوونەکەی بۆ با دەبێت چ قازانجێك دەکات؟ هەروەها هەموو ڕۆژانی ژیانی لە تاریکیدا بەسەردەبات، لەگەڵ وەڕسبوونێکی زۆر و نەخۆشی و تووڕەیی." پارە خۆی لە خۆیدا خراپ یان باش نیە . بەڵام هەڵوێست و ئاراستەی خەڵکی بەرامبەر پارە ئەوە دیاری دەکات کە خراپە یان باش بۆیان . کاتێ خەڵکی پارەیان خۆش دەوێ ئیدی بەرزترین وگرنگترین ئامانج لە ژیانیاندا دەستکەوتنی پارە دەبێت ، ئیدی هەڵپە دەکەن و هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ زۆرترین پارەو خەرجکردنی زیاتر . چونکە ئەوەی دەستیان کەوتوە پێیان وایە کەمەو هێشتا بەس نیە ، ئیدی تێر نابن هەرگیز . وە پارە ناتوانێ کەس تێر بکات ، وە ناتوانێ ئاشتی ببەخشی بە مرۆڤ لە ژیاندا . ئەو مرۆڤەی پارەی خۆش دەوێ نالێ بەسە ، هەمیشە حەز بە زیاترو زیاتر دەکات و پلان دادەنێت و هەوڵی زۆر دەدات بۆ دەستکەوتنی پارەی زیاتر .

ب. دەشێ پارە ببێتە هۆکارێك بۆ ئەنجامدانی خراپەکاری .

١تیمۆساوس ٦: ١٠ : " لەبەر ئەوەی خۆشەویستی پارە یەکێکە لە سەرچاوەکانی هەموو جۆرە خراپەکارییەك. هەندێك کەس بەدوایدا گەڕان ون بوون لە باوەڕیان و خۆیان تووشی ئازارێکی زۆر کرد. " (عیبرانیەکان ١٢: ١٥) هەندێ نمونە ئەوە دەردەخات کە خۆشەویستی پارە سەرچاوەیەکە بۆ جۆرەها خراپەکاری زۆر . هەندێ کەس هاوسەرگیری دەکات لە پێناوی سامانی هاوسەرەکەی . کەواتە لەپێناوی هۆکارێکی هەڵە هاوسەرگیریەکەیان کردوەو دواتر توشی چەندین خراپەو کێشەو گرفت

دەبن لە ژیانی هاوسەرگیریاندا . زۆرجار سەرمایەداران لە پێناوی پارەدا فێڵ دەکەن بەرتیل دەدەن و گەندەڵی دەکەن . زۆرجار سیاسیەکان لەپێناوی پارەدا درۆ دەکەن و گەندەڵی دەکەن و توشی ئابڕووچوون دەبن ، وە وایان لێدەکات هاوڵاتیانی وڵاتی خۆیان بخەڵەتێنن لە پێناوی ئەوەی ببنە سەرمایەدارو دەوڵەمەند بن . ڕەنگە ڕابەری کڵێسایەك توشی تاقیکردنەوەی خۆشەویستی پارە بێت و داوای بڕێک پارەی دیاریکراو بکات لە ئەندامانی کڵێساکەی . زۆرجاریش خۆشەویستی پارە دەبێتە هۆی دزیکردن و تاڵانی و تەنانەت کوشتنیش ، ئاشکرایە کە خۆشەویستی پارە یەکێکە لەسەرچاوەکان و ڕەگێکی گرنگە بۆ جۆرەها خراپەکاری !

٢. کاریگەری پارە لەسەر ژیانی هەتاهەتایی مرۆڤ لە ئاسمان .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : جۆری کاریگەری پارە لەسەر ژیانی هەتاهەتایی مرۆڤ لە ئاسمان کامەیە ؟

أ. ڕەنگە پارەو دەوڵەمەندی وشەکانی خودا بخنکێنێ لە ژیانی باوەڕداردا.

مەرقۆس ٤: ١٤ ، ١٨- ١٩ **بخوێنەوە** . عیسا فێرمان دەکات کە فریوخواردنی دەوڵەمەندی دەشێ وشەکانی خودا بخنکێنێ بەشێوەیەك بەرهەم نەدات لە ژیانی گوێگرانیدا . ئەو کەسەی دڵی سەرقاڵ دەبێت بە پارەو سامانەوە وشەکانی خودا کاریگەریان نابێت لەسەری .

ب. دەشێ پارەو سامان ودەوڵەمەندی وا لە باوەڕدار بکات ئاگای لە شتە یەکەمینەکانی ژیانی نەبێت .

مەتا ٦: ٢٤ ؛ لۆقا ١٢: ١٣- ٢١ **بخوێنەوە** . گرنگترین و بەرزترین یەکەمین لە ژیانی مرۆڤدا دەبێت خۆشویستن و خزمەتی خودا بێت . " کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن." ... " یەکێکی ناو خەڵکەکە پێی گوت: مامۆستا، بە براکەم بفەرموو میراتم

لەگەڵ بەش بکات . بەڵام ئەو پێی فەرموو: کابرا، کێ منی کردووە بە دادوەر یان بەشکەر بەسەرتانەوە؟ بە خەڵکەکەی فەرموو: ئاگاداربن و خۆتان لە هەموو جۆرە چاوچنۆکییەك بپارێزن، چونکە ژیانی مرۆڤ بە زۆری سامانەکەی نییە. ئینجا نموونەیەکی بۆ هێنانەوە: مرۆڤێکی دەوڵەمەند، زەوییەکەی بەرهەمێکی زۆری دا. لە دڵی خۆیدا گوتی: چی بکەم کە شوێنم نەبێ بەرهەمەکەمی لێ کۆبکەمەوە؟ جا گوتی: وا دەکەم، ئەمبارەکانم تێکدەدەم و گەورەتری دەکەم، لەوێدا هەموو دانەوێڵە و ماڵەکەم کۆدەکەمەوە. بە خۆشم دەڵێم: ئەی گیانم، ئەوەتا ماڵێکی زۆرت هەڵگرتووە، بۆ چەندین ساڵ. بحەسێوە و بخۆ و بخۆوە و دڵشادبە. بەڵام خودا پێی فەرموو: ئەی گێلە، هەر ئەمشەو گیانت دەردەچێت. باشە ئەوەی کۆت کردووەتەوە، بۆ کێ دەبێت؟ بە هەمان شێوە دەبێ ئەو کەسەی گەنجینە بۆ خۆی کۆدەکاتەوە بەڵام لەلای خودا دەوڵەمەند نییە. "

ج. دەشێ پارەو سامان وا لە مرۆڤ بکات خۆی بدۆڕێنێت .

مەرقۆس ٨: ٣٤- ٣٨ ؛ ١٠: ٢١- ٢٧ ؛ لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ ؛ ٢٢ : ٤- ٦ ؛ کردار ٥: ١- ١١ ؛ ١تیمۆساوس ٦: ١٠ ؛ یاقوب ٥: ١- ٦ **بخوێنەوە** .

دەشێ خۆشویستنی پارەو سامان ببێتە گەورەترین مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ . بەپێی مەرقۆس ١٠: ٢١- ٢٧ ، گەنجە دەوڵەمەندەکە دوای عیسای مەسیح نەکەوت چونکە دەوڵەمەندی و سامانەکەی خۆشترویست لە عیسای مەسیح . وە بەبێ عیسای مەسیح کەس ناتوانێ بچێتە نێو شانشینی خوداوەو ڕزگاری بێت . بەپێی لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ دەوڵەمەندێکی تر بە دڵنەرمی و چاکەوە مامەڵەی نەکرد لەگەڵ ئەو پیاوە هەژارەی ناوی لەعازەر بوو ، ئەوە بوو دوای مردنی چووە دۆزەخ بەهۆی خۆویستی و دڵڕەقیەکەیەوە ، ئەوەش دەریخست کە نە باوەڕی هەیەو نە خۆشەویستی (لۆقا ١٦: ٢٥؛ ١یۆحەنا ٣: ١٦- ١٧) . وە بەپێی لۆقا ٢٢: ٤- ٦ ، یەهوزا ڕزای بوو ناپاکی لە عیسا بکات و بیدات بەدەستەوە لە پێناوی پارە ، دواتر دەخوێنینەوە کە خۆی کوشت . وە بەپێی کردار ٥: ١- ١١ ، حەنانیاو سەفیرە درۆیان کرد لەگەڵ کڵێسا لەبارەی مامەڵەکردنیان بە پارەوە ، ئیدی کەوتن و مردن . وە بەپێی یاقوب ٥: ١- ٦ ، هەندێ

دەوڵەمەند سامان کۆدەکەنەوە لە پێناوی خۆیاندا ، وە ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن و جۆرەها چێژ وەردەگرن و لە خۆشیدا دەبن لەگەڵ ئەوەشدا ماف و کرێی ڕۆژانەی ئەوانە نادەن کە کاریان بۆ دەکەن ، بەڵکو بێتاوانەکان دەکوژن لەپێناوی دەوڵەمەند بوونی خۆیان . یاقوب هۆشداری دەدات بەمانەو دەڵێ کۆتایی ژیانیان "سەردەبڕێن" لە دۆزەخدا . وە بەپێی ١تیمۆساوس ٦: ١٠ ، دەشێ خۆشویستنی پارە وا لە مرۆڤ بکات لە باوەڕی مەسیح لا بدات و دوور بکەوێتەوە . بۆیە عیسا هۆشداری داو فەرموی : " کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن. " (مەتا ٦: ٢٤) . " چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ یان مرۆڤ بۆ کڕینەوەی خۆی چی دەدات؟ (مەتا ١٦: ٢٦) . واتای خۆدۆڕاندنی مرۆڤ مردنی هەتاهەتاییە لە دۆزەخدا . زۆرێك لە خەڵکی پێیان وایە سامان وهێز و ناوبانگ لە جیهاندا ژیانیان ڕزگار دەکات ، بەڵام عیسا ڕێگەیەکمان فێردەکات بۆ ڕزگاربوونی ژیانی مرۆڤ لەم جیهانەدا و لە داهاتوو ئەویش ئەوەیە مرۆڤ خودی خۆی ڕەتبکاتەوە و خۆی بەخت بکات لەپێناوی مەسیح و شانشینیەکەی !

٣. کتێبی پیرۆز ئاماژەی بۆ جۆرەها گەندەڵی جیاواز کردوە .

پێشەکی : گەندەڵی لە پەیداکردنی پارەو سامان بەشێوازی هەڵەو خراپە یان بەکار هێنانی پارە بۆ خراپەکاری .

أ. گەندەڵی باسکراو لە کتێبی پیرۆزدا .

ئاشکرای بکەوگفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو جۆرە گەندەڵیە جیاوازانە کامانەن کتێبی پیرۆز باسی لێوە کردوون ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز بخوێنەوە کە تایبەتە بەم بابەتە .

تێبینیەکان .

لاویەکان ١٩: ١١- ١٣ باسی دزی و تاڵانی دەکات و بە گەندەڵی ناو دەبات . وە زەبور ٣٧: ٢١ نەگەڕانەوەی پارەو شتومەك بە گوناهەو گەندەڵی ناودەبات . وە نامەی یاقوب ٥: ٤ نەدانی کرێی ڕۆژانەی کرێکار بە گەندەڵی ناودەبات . وە دواوتار ٢٥: ١٣- ١٥ فێڵ و دەستپیسی لە پێوانەو تەرازووی کڕین وفرۆشتن بە گەندەڵی ناودەبات . پەندەکان ١٧: ٨، ٢٣ وەرگرتن و پێدانی بەرتیل بە گەندەڵی ناودەبات . پەندەکان ٢٨: ٨ سەپاندنی سودی زۆر لەسەر قەرز بە گەندەڵی ناودەبات . ژیرمەندی ٧: ٧ ستەم و زۆرداری بە گەندەڵی ناودەبات .

ب. گەندەڵی لە کۆمەڵگەی سەردەمی نوێ دا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئایا شێوازی دیکەی گەندەڵی پێدەزانی لە کۆمەڵگەکەتدا ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز تایبەت بەم بابەتە بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

پەندەکان ١١: ٢؛ ١٦: ٨ ئەوەمان فێردەکات کە پارەو سامان گەر بە ستەم پەیدا بکرێت گەندەڵیە . وە لەو شێوازە هەڵەو ستەمکاریە پەیداکردنی پارەیە بەهۆی فرۆشتنی لۆتۆ یان قومار و گرەوکردن . چونکە مامەڵەکردن بە لۆتۆ و قومار و گرەوکردنەوە زۆرجار ئەم چاوچنۆکی و بەخت و ڕێکەوتە هانی خەڵکێکی زۆر دەدات بۆ ئالودەبوون و هیچ دەستپاکی و سەرڕاستیەکی مرۆڤی تێدا نیە لەلایەن خوداوە . زۆرجار قومار دەبێتە هۆی قەرزداری زۆر و مایەپوچی و مرۆڤ دەکات بە کۆیلە . لەسەروو ئەمەشەوە ٢ساڵۆنیکی ٣: ١٠ فێرمان دەکات کە خەڵکی بە سەرڕاستی و دەستپاکیەوە بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن . پەیداکردنی بژێوی ژیان لە ڕێگەی فرۆشتنی ماددە سڕکەروهۆشبەرەکانەوە کارێکی نایاساییە و گەندەڵیە . کارت وپسولەی ساختە گەندەڵیە . ساختەکردنی دراو و کارتی بانکی گەندەڵیە . ئایا دەتوانی بیر بکەیتەوە لە جۆرەها گەندەڵی دیکە ؟

٤. کاریگەری بەرتیل لەسەر کۆمەڵگەو ژیانی خەڵکی .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز کە تایبەتە بەم بابەتە بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

پەندەکان ١٧: ٨، ٢٣ بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن گەندەڵیە .
زەبورەکان ٢٦: ١٠ ئەوانەی بەرتیل وەردەگرن و بەرتیل دەدەن شەرمەزاری دروست دەکەن و خراپەکارن و پلان و بەرنامەی خراپەکاریان هەیە . هەرچیەك پیاوانی سەرمایەداری گەندەڵ یان بەرپرسە خراپەکارو گەندەڵە حکومیەکان دەیڵێن لەمبارەیەوە تەنها بیانوە و کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە بەرتیل دان وبەرتیل وەرگرتن خاوەنەکەی گەندەڵ دەکات و ناخیان پڕە لە خراپەکاری و پلانگێڕێ خراپە . وە ناکرێ متمانە بەو جۆرە گەندەڵانە بکرێت ! کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە تەنانەت دیاری پێشکەش کردن بە بەرپرسانی حکومی ئەگەر چی دیاریەکە بچوك بێت یان گەورە لە پێناوی کارڕایی کردن و ڕازی کردنیان گەندەڵیە .

دیاری بەخشین بەشێوەی ماقوڵ وەك گوزارشێکی شارستانی لە هاوڕێیەتی بەرتیل نیە ، بەڵام دیاری بەخشین بۆ مەبەستی گرێبەستی بازرگانی لە ژێر ناونیشانی شیرینی گرێبەست گەندەڵیە . دەبێت هەموو کۆمپانیاکان بناغەیەکی ڕوونیان هەبێت بەتەواوەتی لە دیاریکردنی ئەو دیاریانەی دەبەخشرێن لە کاتی ئەنجامدانی هەر ڕێکەوتن و گرێبەستێکدا . دەبێت ژمێریارو چاودێری دارایی و بازرگانی کۆمپانیاکان و حکومەت بەشێوەی یاسایی ئاگادار بکرێنەوە لەهەر دیاری وەرگرتنێك و دیاری بەخشینێك بۆ خۆپاراستن لە تۆمەتی گەندەڵی . پێدانی دیاری بە فەرمانگەیەکی حکومی لە پێناوی بڕیارێك یان ئامانج لێی ئەوە بێت لە دادگا بێتاوانی بکەن خراپەکاری و گەندەڵیە .

دەبێت باوەڕداران بزانن کە هەموو جۆرە بەرتیلێك بەهەموو شێوەکانیەوە خراپەکاریە ، وە دەبێت بەرتیل نەدەن وبەرتیل وەرنەگرن !

ب. سزاو ئەنجامی بەرتیل دەرو بەرتیل وەرگر .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەوڵ بدە ئەوسزاو ئەنجامە تۆقێنەرانە بزانی کە کۆمەڵگە توشی دەبێت کاتێ بەرتیل خۆرو بەرتیل دەری تێدا دەبێت .

تێبینیەکان .

کتێبی پیرۆز هۆشداری و ئاماژە دەکات کە ئەوانە لە مەترسیەکی ڕاستەقینەدان .

دواوتار ١٦: ١٨- ١٩ هەروەها دواوتار ٢٧: ١٩، ٢٥ ؛ ئیشایا ٥: ٢٢- ٢٣ ؛ ئیشایا ١: ٢٣، ٢٥ ، ٢٨ ؛ میخا ٣: ٩- ١١ ؛ ئیشایا ١: ٢٣ ؛ ژیرمەندی ٧: ٧ ؛ پەندەکان ١٥: ٧ ؛ میخا ٣: ٩- ١٢ (ئەی سەرکردەکانی بنەماڵەی یاقوب،ڕابەرانی بنەماڵەی ئیسرائیل، گوێ لەمە بگرن، ئێوە کە قێزتان لە دادپەروەری دەبێتەوە و هەموو ڕاستییەك خواروخێچ دەکەن، ئێوە سییۆن بە خوێن بنیاد دەنێن وئۆرشەلیم بە ستەم. ڕابەرەکانی بە بەرتیل دادوەری دەکەن،کاهینەکانی بە کرێ خەڵکی فێردەکەن، پێغەمبەرەکانی بە پارە فاڵ دەگرنەوە .لەگەڵ ئەوەشدا پشت بە یەزدان دەبەستن و دەڵێن :ئایا یەزدان لەنێوانماندا نییە؟ هیچ بەڵایەکمان بەسەردا نایەت. لەبەر ئەوە بەهۆی ئێوەوەسییۆن وەك کێڵگە دەکێڵدرێت، ئۆرشەلیم کاول دەبێت، گردەکەی پەرستگاش دەبێتە دارستانێکی بێ کەڵك.) دواوتار ٢٧: ٢٥ ؛ ئەیوب ١٥: ٣٤ ؛ مەتا ١٨: ٧- ٩ ئەوەمان فێر دەکات کەسەکان توشی خراپترین ئەنجام دەبن ئەگەر بەرتیل بدەن و بەرتیل وەربگرن ئەویش دوربوونە لە بەرەکەتی خودا لەلایەك و بەرنەفرەتی خودا دەکەون لەلایەکی دیکە . وە خودا ڕێگە دەدات خێزانەکانیان توشی ناڕەحەتی و ئازار بن و سامانیان لەناو بچێت وەك سزایەك ، لە کۆتاییدا خودا فڕێیان دەداتە نێو دەریاچەی ئاگرو گۆگرد لە دۆزەخدا چونکە هۆکار بوونە بۆ خراپەکاریی خەڵکی تر !

ب. ڕێنمایی تایبەتی کتێبی بۆ بەڕێوەبردنی دارایی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەشێوەی دروست

١. پەیداکردنی پارە بەشێوەی دروست و ڕەوا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە بابەتی پەیداکردنی پارە ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز تایبەت بەم بابەتە بخوێنەوە .

تێبینیەکان ،

٢ سالۆنیکی ٣: ٦- ١٥ فەرمان دەکات بە باوەڕداران کار بکەن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان و ڕێگە نەدەن بە کەسانی تەمبەڵ بە تەمبەڵی بژین و خۆیان هەڵقورتێنن لەکاروباری خەڵکی تر ؛ پەندەکان ١٠: ٤- ٥ ؛ پەندەکان ٢٣: ٤- ٥ ؛ دواوتار ٨: ١٧- ١٨ ؛ ١کۆرنسۆس ٤: ٧ . نابێت باوەڕداران پێیان وابێت بە هێزو توانای خۆیان سامانیان پەیداکردوە ، دەبێت هەمیشە لەیادیان بێت کە خوداوەند هێزو توانایان پێ دەبەخشێ بۆ پەیداکردنی پارەو سامان ، وە دەبێت ساکار بن و پشت بە خودا ببەستن .

٢. پارە کۆکردنەوە بەشێوەی دروست و ڕەوا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە بابەتی پارە کۆکردنەوە ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز تایبەت بەم بابەتە بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

ئەگەر باوەڕدارێك حەزی کرد پارە کۆبکاتەوە بۆ پرۆژەیەکی باش و چاکی ئایندەی خۆی یان کوڕەکەی یان بۆ کاری چاکە بەکاری بهێنێ ، وەکو بۆ نمونە پارە بۆ خوێندنی کوڕەکەی کۆبکاتەوە ، یان لە پێناوی بابەتێکی دادپەروەری و چاکەو چاکسازیدا ، چونکە پەندەکان ١٣: ١١ دەفەرموێ (ئەوەی بە کاری دەست کۆدەبێتەوە لە زیادبوون دەبێت) هەرجارەو کەمێك پارە پاشەکەوت بکرێت ئیدی لە کۆتاییدا بەشی تەواوکردنی پرۆژەکە دەکات .

وە ئینجیلی مەتا ٢٥: ٢٧ فێرمان دەکات کە باوەڕداران دەتوانن ژمارە حسابی بانکی بکەنەوە بۆ ئەوەی بڕێك پارەی سوویان دەستبکەوێت و کۆی بکەنەوە .

بەڵام بەپێی مەتا ٦: ١٩- ٢٤ باشترین ڕێگەو شێوازی پارە و گەنجینە کۆکردنەوە بەکارهێنانی پارە یان وەبەرهێنانە لە شانشینی خودا ! چونکە مەسیح فەرموی : (لەسەر زەوی گەنجینە بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی دەدەن، دز دەیبڕێت و دەیدزێت . بەڵکو گەنجینە بۆ خۆتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی نادەن، دزیش نایبڕێت و نایدزێت)

٣. خەرجکردنی پارە بەشێوازی دروست و ڕەوا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە بابەتی خەرجکردنی پارە ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز تایبەت بەم بابەتە بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

پەندەکان ٢١: ٥ فێرمان دەکات کە دەبێت باوەڕداران کار بکەن پێش ئەوەی خەرجی بکەن ، دەفەرموێ (پلانی مرۆڤی ماندوو بەرەو پڕییە، بێگومان هەموو هەڵەشەیەکیش بەرەو نەبوونییە .) دەبێت باوەڕداران پلان دابنێن بۆئەوەی خەرجکردنەکانیان بگونجێ لەگەڵ خواستەکانی خودا (بڕوانە پەندەکان ١٦: ٢- ٣) .

أ. بودجەیەك تەرخان بکە تایبەت بە خۆت و خێزان ومندالّت وەکو تیمێك . وە دەتوانی مندالّەکانیشت بەشداری پێبکەی لەمەدا . بەم هۆیەوە مندالّەکانیشت فێری پلانی باش دەبن سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن بە پارەوە . پلان دابنێ سەبارەت بە کاروباری پارەی کڵێسا لەگەڵ ئەنجومەنی کڵێساکەتدا .

ب. لیستێك دیاری بکە تایبەت بە پێویستیە گرنگەکانت . بەم کارەت ئەوە فێر دەبیت کە پارە لە پێویستی زۆر گرنگدا خەرج بکەیت .

ج. ئەوەی خودا پێی بەخشیوی خەرجی بکە و هەرگیز پارە قەرز مەکە بۆ پڕۆژەیەك کە هێشتا پارەت بە دەستەوە نیە .

د. ئەگەر دەتەوێ پارەی زیاتر کۆبکەیتەوە ، ئەو خزمەتگوزاریانەی زۆر پێویست نین بوەستێنە .

هـ . ئامانجی ڕاستەقینە دابنێ بۆ خەرجکردن و پێویستیەکانت .

و. ئەو لیستانە بپارێزە لای خۆت کە پارەت خەرجکردوە تیایاندا . پسوڵەکانی پارە دان ، وە ڕاپۆرتێکی مانگانە ئامادە بکە تایبەت بە کاروباری پارەو دارایی .

٤. قەرزکردنی پارە بە شێوەی دروست و ڕەوا .

أ. قەرزکردنی پارە .

ڕۆما ١٣: ٨ (بە هیچ شتێك قەرزاری کەس مەبن، جگە لەوەی یەکتریتان خۆشبوێ، چونکە ئەوەی خەڵکی دیکەی خۆشبوێ، تەوراتی هێناوەتە دی) (دەرچوون ٢٢: ٢٥؛ زەبور ٣٧: ٢٦ ؛ مەتا ٥: ٤٢ ؛ لۆقا ٦: ٣٥) . وە وە هانمان دەدات خۆمان نەخەینە بەر باری گرانی قەرزاری و هەرکەسێك کارئاسانی بۆ ئەم جۆرە کەوتنە ژێر باری قەرزەوە بکات تۆمەتباری دەکات کتێبی پیرۆز بە تایبەتی ئەوانەی گوێ نادەنە گەڕانەوەی قەرزەکانیان (زەبور ٣٧: ٢١) . ئەم بەشەی کتێب زۆر پێداگری ناکات لەسەر قەرزی پارە بەڵکو پێداگری دەکات لەسەر پەیوەیست بوونی باوەڕدار کە نزیکەکەی خۆش بوێ . ئەم بەشە فێرمان دەکات کە خۆشویستنی نزیکەکەت هەروەها بەشێکە لە پرۆسەی پیرۆزیی .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە بابەتی پارە قەرزکردن ؟

تێبینیەکان .

کتێبی پیرۆز هۆشداریمان دەداتێ بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی پارە قەرزکردنەوە . پەندەکان ٢٢: ٧ هۆشداری دەدات و دەفەرموێ : (

دەوڵەمەند بەسەر هەژاردا حوکم دەکات،قەرزاریش کۆیلەی خاوەن قەرزە.) بۆیە بەشێوەیەکی گشتی باشترە باوەڕداران قەرز نەکەن ، چونکە دەبنە کۆیلەی خاوەن قەرز ! بەڵام کتێبی پیرۆز باسی قەرزی بەزەیی و خێرخوازی و بازرگانی و ڕەهن و گرەنتی سەبارەت بە قەرز ، وە قەرزی پارە لە کڵێسا دەکات .

ب. قەرزی بەزەیی وخێرخوازی .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە قەرزی بەزەیی و خێرخوازی ؟ چەند بەشیکی کتێبی پیرۆز تایبەت بەم بابەتە بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

هەموو قەرزانەی لە نێو گەی ئیسرائیل ئەنجام دەدران قەرزی بەزەیی و خێرخوازی بوون نەك قەرزی بازرگانی (دەرچوون ٢٢: ٢٥- ٢٧ ؛ لێڤیەکان ٢٥: ٣٥- ٣٧ ؛ دواوتار ١٥: ٧- ١١ ؛ ٢٣: ١٩- ٢٠) .کتێبی پیرۆز ئەو جۆرە سووەی قەدەغە کردوە لە بری قەرز تاکو بارودۆخی سەختی تاکێکی ئیسرائیل وەك هەلێك وەرنەگرن و بیخەنە ژێر بارگرانیەکی زۆرەوە ! مەتا ٥: ٤٢ فێرمان دەکات دەبێت قەرز بدەی بەو کەسەی داوای قەرزت لێدەکات .

ج. قەرزی بازرگانی .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە قەرزی بازرگانی ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز تایبەت بەم بابەتە بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕانکاریە ئابوریەکان عیسا ڕەزامەندی دەربڕی بۆ بنەمای وەبەرهێنانی پارەو سامان لە بانکدا لە پێناوی دەستکەوتنی هەندێ

پاره و داهات (مەتا ٢٥: ٢٧ ؛ لۆقا ١٩: ٢٣) . بۆیە ، دەکرێ بانکەکان قەرز بدەن بە خەڵکی لەبەرامبەر بڕێك قازانج . بەڵام عیسا لە لۆقا ٦: ٣٠- ٣٦ بەردەوام ئەو جۆرە قەرزە تایبەتەی ڕەتکردەوە کە دەدرێ بۆ کاری خێرخوازی و بەزەیی و داوای وەرگرتنەوەی دەکات یان زیاتر لە قەرزەکەش داوای قازانج دەکات .

هەندێ جار گرنگیەکی زۆرو ڕاستەقینە هەیە لەوەی قەرز دەدرێ بە هەژاران بەبێ قازانج بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنانێکی بچوک یان بۆ کارێك . ئیدی بەم شێوەیە دەشێ دواتر قەرزەکە بدەنەوە ، بە مەرجێك هیچ سوو یان قازانجێکیان لێ وەرنەگرنەوە ، هاوکاری خەڵکی بکەن لە وەبەرهێنانی بچوك و کار و بەکارهێنانی بەهرەو توانستەکانیان . هاوکاریان بکەن تاکو بتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە لەکاتی دیاریکراودا بەمە ناوبانگێکی مەزن وڕێزێکی زۆر بەدەست دەهێنن بۆ ناخیان .

د. ڕەهن و گرەنتی (کەفالەت) .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە ڕەهن وگرەنتی ؟ چەند بەشێک لە کتێبی پیرۆز تایبەت بەم بابەتە بخوێنەوە.

تێبینیەکان .

لەماوەی پەیمانی کۆن دا دەستەبەری کردن (کەفالەت) یان ڕەهن و قەرزی بچووکی کاتیی بۆ مووڵك ومااڵتی کەسێتی بوو وەکو ڕەهنی زەوی یان کەفالەتکردنی کەسێکی تر ، ئەگەر قەرزەکەی نەدابایەوە ئیدی ڕەهنەکە دەبوو بە مووڵکی خاوەن قەرزەکە (دواوتار ٢٤: ١٠- ١٣ ؛ نەحمیا ٥: ٣ ؛ ئەیوب ٢٤: ٣ ؛ پەندەکان ٦: ١- ٥ ؛ ٢٢ : ٢٦- ٢٧) . وە ئەگەر شتێك نەبایە وەکو ڕەهن وەربگیرێ لەبری قەرزەکە ، قەرزارەکە دەبووە کۆیلەی خاوەن قەرز و ئیدی خاوەن قەرزەکە دەیفرۆشت (دەرچوون ٢٢: ٣ ؛ ٢پاشایان ٤: ١ ؛ ئامۆس ٢: ٦- ٨ ؛ ٨: ٦) . بۆیە پەندەکان ٦: ١- ٥ فێرمان دەکات کە باوەڕداران نابێت ببنە (کەفیلی) دەستەبەری قەرزی کەسێکی دیکە ! بەڵام شەریعەتی پەیمانی کۆن

ئاسانکاری کرد بۆ ئەم دۆخ و نەریتە تونده لە ئیسرائیلدا ، لەڕێگەی جۆرێك لە یاسای دیاریکردن (لێڤیەکان ٢٥: ٣٩- ٤٣ ؛ دواوتار ١٥: ١- ١١) ، هەموو قەرزەکان لە ئیسرائیلدا بەتاڵ دەبوونەوە بەر لێخۆشبوون دەکەوت لە حەوتەم ساڵدا !

هـ. قەرزکردنی پارە لە کڵێسا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە قەرزکردنی پارە لە کڵێسا ؟

تێبینیەکان .

قەرزکردنی پارە هەمیشە کارێکی هەڵە نیە . چونکە لە مەتا ٥: ٤٢ عیسا فێرمان دەکات و دەفەرموێ : " ئەوەی داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ. ئەوەی داوای قەرزی لێکردیت پشتی تێمەکە" قەرزکردنی پارە بابەتێکی هەستیارە لە نێو باوەڕداراندا ، بەشێوەیەکی گشتی ئەو باوەڕدارەی پێویستی بە پارە هەیە لەو بارودۆخەی تیایدایە ، نابێت بچێتە لای باوەڕدارە دیاریکراوەکانی نێو کڵێسا بۆ قەرزکردن لێیان بەڵکو لەسەریەتی پیرانی کڵێسا ئاگادار بکاتەوە لەو داواکاریەی کە هەیەتی ، وە پیرانیش بڕیار دەدەن ئایا پێویستی بە هاوکاریە یان نا ، ئەگەر بەڕاستی پێویستی بە یارمەتی هەبوو ، دەبێت بڕیار بدەن لەسەر چۆنیەتی ئەو هاوکاریەی پێشکەشی دەکەن . نابێت کڵێسا سووی لێ وەربگرێ بەهیچ شێوەیەك وەکو قەرزی خێرخوازی . وە دەکرێ پیران لە ڕێگەی خزمەتکارانەوە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن .

ئەو باوەڕدارانەش پێویستیان بەپارەیە بۆ پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان دەبێت ئەو قەرزە لە بانکە بازرگانیەکان بکات نەك کڵێسا ، ئیدی بانکەکان هەمیشە سوو وەردەگرن بۆ قەرز ، گەروەها حکومەتیش ئەو جۆرە کاروبارانەی ڕێکخستوە بۆ بانکەکان و بڕەکانی دیاری کردوە بۆیان لە ڕێگەی پابەندە داراییەکانەوە تایبەت بە قەرز . هەروەها هەندێ ڕێکخراوی مەسیحیش هەن پارە دەدەن لە پێناوی گەشەی کاروباری

تایبەت بە پەروەردەو چاودێری کۆمەڵایەتی و کەرتی کشتوکاڵ وبازرگانی و پیشەسازی لە وڵاتە هەژارەکاندا (٢کۆرنسۆس ٨، ٩).

دەبێت باوەڕداران خۆیان بپارێزن لە قەرزکردن لەو کەسانەی سوویەکی زۆر دەخەنە سەر قەرزەکە بۆ ئەوەی نەبنە کۆیلەیان ونەکەونە ژێر باری گرانی قەرزاریەوە بە درێژایی ژیانیان !

٥. ئازادی و مانەوە بە ئازادی لەهەر کۆیلایەتیەکی پارە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : باوەڕدار چۆن بە ئازادی دەمێنێتەوە لەبەرامبەر کۆیلایەتی پارە ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز تایبەت بەم بابەتە بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

ئەم بنەمایانەی خوارەوە یارمەتیدەرن بۆ باوەڕدار کە بە ئازادی بمێننەوە لە کۆیلایەتی پارە :

أ. تەمبەڵ مەبەو چالاك بە لە کاری ڕۆژانەتدا (پەندەکان ٢٤: ٣٠- ٣٤) .

ب. کاتێ پێویستت بە خواردن و جلوبەرگ هەیە متمانە بە خودا بکە ئەم پێویستیە سەرەکیانەت دابین دەکات (مەتا ٦: ٢٥- ٣٤) .

ج. خودا تاقی مەکەوە بە هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانەت لە کاروباری پارەدا (لۆقا ١٥: ١٣) .

د. پارە لە خەڵکی دیکە قەرز مەکەو پارەش مەدە بە قەرز (پەندەکان ٢٢: ٧) .

هـ . خۆت مەخەرە ژێر باری قەرزی تایبەتەوە لە پێناوی ئەو شتومەك وکاڵایانەی نرخەکانیان بە خێرایی دادەبەزێت (ڕۆما ١٣: ٨) .

و. قیست و قەرز بوەستێنەو هەوڵ بدە بە مۆڵ و کاش پارە بدە (زەکەریا ١٠: ٢ باسی بەڵێنی درۆمان بۆ دەکات کە کەسێك بەڵێن دەدات و ناتوانێ بیباتە سەر).

ز. کەفیلی (دەستبەری) و گرەنتی کەسانی تر مەکە (یان ئیمزای کاغەزی قەرز مەکە لەگەڵیاندا) پەندەکان ١١: ١٥) .

ح. کەلوپەل و موڵکەکانت بەکاربهێنە بۆ درێژترین ماوە تا لەناودەچێت و دەرزێ . وە خوشکوبرایانی باوەڕدار بەشداری پێبکە لە موڵکەکانتدا .

ط. ئەو ئامێرو شتومەکانەی باشن و نرخەکانیان هەرزانە ئەگەر چی دەستی دوو بن بیانکڕە ، زۆرجار بە بەراورد لەگەڵ ئامێری نوێدا نرخەکەی زۆر هەرزانترە .

ی . ئەو شتومەکانە بکڕە کە بەباشی دەتوانی بەکاریان بهێنی بەڵام هەوڵ بدە ئەوانە بکڕە کە زۆر دەگمەنن ، بە مەرجێك پێویستیەکی ڕاستەقینەت پێی هەبێت .

ج. بژاردەی ژیان بەشێوازی باوەڕدارانە

١. جۆرەها شێوازی زۆری ژیان هەن لە جیهاندا ڕێز لە خودا ناگرن .

شێوازی ژیانی جیاواز هەن لە جیهاندا ، دەوڵەمەند وهەژاران ئازادن لەوەی کام شێوازەیان هەڵدەبژێرن بەڵام بەرپرسیارن لە هەڵبژاردەکەیان.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کام لەو جۆرانە و شێوازانە ڕێز لە خودا ناگرن ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز تایبەت بەم بابەتە بخوێنەوە .

أ. خودا ئیدانەی شێوازی ژیانی دەستبڵاوی و هەڕەمەکی دەکات (حەزقیال ٣٤: ١٧- ١٩ ؛ مەتا ٧: ٦) !

ب. خودا ئیدانەی شێوازی ژیانی تەنها چێژ و ئارەزوەکانی جیهان دەکات (پەندەکان ٢١: ١٧؛ ٢٣: ٢٠- ٢١)!

ج. خودا ئیدانەی شێوازی ژیانی نا ڕاستگۆیی و نا دەستپاکی دەکات (لێقیەکان ١٩: ١١- ١٣ ، ٣٥ – ٣٦) !

د. خودا هەروەها ئدیانەی شێوازی ژیانی چاوچنۆکی دەکات (لۆقا ١٢: ١٥ ؛ یاقوب ٥: ١- ٦)!

٢. شێوازی ژیانی باوەڕدار هەڵوێستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر پێویستیەکان و سامان لە خۆ دەگرێت .

فیلیپی ٤: ١١- ١٢ ؛ ١ کۆرنسۆس ٤: ٧ ؛ ١تیمۆساوس ٦: ٨، ١٧- ١٨.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو هەڵوێستە کامەیە کە باوەڕدار دەبێت گەشەی پێ بکات لەبەرامبەر پێویستیە ڕاستەقینەکان و سامان ؟

تێبینیەکان .

أ. ڕازی بوون .

ئەوەی پەیوەستە بە پێویستیە سەرەکی و ڕاستەقینەکانەوە ، دەبێت باوەڕداران ڕازی بن بەوەی هەیانە و پێویستیە سەرەکیەکانیان دابین دەکات لە ژیاندا .

کتێبی پیرۆز لە ١تیمۆساوس ٦: ٨ فێرمان دەکات و دەفەرموێ : " جا ئەگەر خواردن و پۆشاکمان هەیە با پێی ڕازیبین.) وشەی پۆشاك واتە هەموو جۆرەکانی پۆشتەکردن ، لەکۆتاییدا پاراستن . ئیدی بەم شێوەیە وشەکە ئاماژە دەکات بۆ جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوون . هەروەها پێویستیە سەرەکیەکان لە ژیاندا وەکو خواردن و خواردنەوە جلوبەرگ و لانە (شوێنی نیشتەجێ بوون) .

ب. چێژ وەرگرتن .

ئەوەی پەیوەست بێت بە خاوەندارێتیەوە ، دەبێت باوەڕداران لە یادیان بێت ئەوەی هەیانە خودا پێی بەخشیون بۆ چێژ وەرگرتن لێی ، وە دەبێت باوەڕداران چێژ ببینن لەوەی هەیانە !

ج. بەشداریکردن .

ئەوەی پەیوەستە بە سامانەوە ، فەرمان کراوە بە باوەڕداران کاری چاکە بکەن و بەڕێز بن و دەست و دڵفراوان بن و بەشداری کەسانی دیکەی پێبکەن لەوەی هەیانە .

٣. شێوازی ژیانی باوەڕدار بەڕێوەبردنێکی بەرپرسانە لە خۆ دەگرێ بۆ موڵک وماڵاتی .

لۆقا ١٢: ٤٢- ٤٨ **بخوێنەوە** .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : باوەڕدار چۆن موڵک و ماڵاتی بەڕێوە دەبات لەوەی پێی بەخشراوە ؟

تێبینیەکان .

أ. هەژاران .

سەدەها ملیۆن مرۆڤ لە دۆخی خراپی هەژاریدا دەژین ، وە هەزارەها خەڵک لە جیهاندا ڕۆژانە لە برسان دەمرن . نابێت باوەڕداران ئەوانەیان لە بیر بچێت ! پەندەکان ١٩: ١٧ پێمان دەڵێت : " ئەوەی بەزەیی بە هەژاردا بێتەوە قەرز بە یەزدان دەدات،ئەویش پاداشتی چاکەکەی دەداتەوە." هەروەها پەندەکان ٢١: ١٣ " ئەوەی گوێی خۆی لە هاواری هەژاران کەڕ بکات، ئەویش هاوار دەکات و وەڵام نادرێتەوە."

ب. خاوەندار .

باوەڕدار هەرچیەکی هەیە لە موڵک و ماڵات لە خوداوە وەری گرتوە (١کۆرنسۆس ٤: ٧) ، دەبێت بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە خودا پێی بەخشیوە کە تیایدا دەست پاك بێت (لۆقا ١٢: ٤٢- ٤٨) !

بزانە : لە ژێر ڕوناکی ئەم ڕاستیانە ، دەبێت باوەڕداران ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدەن :

أ. بودجەیەك دیاری بکات .

دەبێت باوەڕداران پێوەریان هەبێت لەوەی خەرجی دەکەن بۆ خواردن و جلوبەرگ و هاتوچۆ و دیاری ، تاد . وە ئەم پێوەر و بنەمایانە تۆمار بکەن لە بودجەی ساڵانەیاندا .

ب. دەبێت تووندڕەوی و زێدەڕۆیی نەکەن .

دەبێت باوەڕداران جیاکاری بکەن لە نێوان ،

ئەوەی زۆر گرنگ وپێویستە وە ئەوەی خۆشگوزەرانی و بەهەدەردانە.

کامەیە گەشەی داهێنان و کۆدی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەتاڵ.

کامەیە مام ناوەند و گونجاو ، وە کامەیە بەتاڵ و بێ نرخ .

کامەیە ئاهەنگی جاربەجار و کامەیە ژیانی هەڕەمەکی ڕۆژانە .

کامەیە خزمەت بە خودا دەکات و کامەیە دەبێتە شێوەیەك لە کۆیلایەتی خەڵکانی تر .

ج. نابێت چاو لە شێوازی هەڕەمەکی کۆمەڵگەکانی تر بکەن .

د. دەبێت بەباشترین شێوە سود وەربگرێت لەوەی هەیەتی . پەیدابوون ١: ٢٨ .

هـ. دەبێت پارێزگاری بکات لە تۆماری دارایی خۆی .

دەبێت باوەڕداران پارێزگاری بکەن لە تۆماری دارایی و هەموو ئەوەی خەرجیان کردوە تاقی بکەنەوە بە وردی دواتر هەڵسەنگاندن بکەن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان بە تێچوونێکی کەمتر و بەخشینێکی زیاتر لەوەی هەیانە بۆ خەڵکی تر .

٤. شێوازی ژیانی باوەڕدار گرنگیدان وبایەخدانی بەرپرسانە لەخۆ دەگرێ بەرامبەر بە ئەندامانی خێزانەکەی لە دابینکردنی پێویستیەکانیان .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : باوەڕدار دەبێت چۆن بایەخ بە ئەندامانی خێزانەکەی بدات لە دابینکردنی پێویستیەکانیان ؟

تێبینیەکان .

أ. هاوسەرەکەی .

ئەفەسۆس ٥: ٢٨- ٢٩ بخوێنەوە . بەرپرسیارێتی یەکەم ، باوەڕدار بەرپرسیارە لە بایەخدان بە هاوسەرەکەی و دابینکردنی پێویستیە ڕاستەقینەکانی .

ب. منداڵانی .

٢کۆرنسۆس ١٢: ١٤- ١٥ بخوێنەوە . بەرپرسیارێتی دووەم ، هەروەها بەرپرسیارە لە بایەخدان بە منداڵەکانی و دابینکردنی پێویستیە ڕاستەقینەکانیان .

ج. دایکوباوك .

١تیمۆساوس ٥: ٤، ٨ بخوێنەوە . بەرپرسیارێتی سێ یەم ، بەهەمان شێوە .

د. خوشکو براکانی .

١یۆحەنا ٣: ١٧- ١٨ بخوێنەوە .بەرپرسیارێتی چوارەم ، بەهەمان شێوە .

٥. شێوازی ژیانی باوەڕدار بەخشینی پارە لەخۆ دەگرێ وەك بەرپرسیارێتیەك .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کێ دەبێت هاوکاری و یارمەتی پارە وەربگرێ لەلایەن باوەڕدارانەوە ؟

تێبینیەکان .

أ. مامۆستاکان .

گەڵاتیە ٦: ٦ هەروەها مەتا ١٠: ١٨ و کردار ٢٠: ٣٥ بخوێنەوە.

ب. مزگێنیدەران و وتاردەرەکان .

١کۆرنسۆس ٩: ١٤ بخوێنەوە .

ج. پیرەکان .

١تیمۆساوس ٥: ١٧ بخوێنەوە .

د. ئەو خوشکو برایانەی لە کڵێسادان و پێویستیان بە خواردن و جلوبەرگ هەیە . یاقوب ٢: ١٥- ١٧ ؛ ١یۆحەنا ٣: ١٧- ١٨ بخوێنەوە .

هـ . ئەو خوشکو برایانەی لە کڵێساکانی دیکەن .

٢کۆرنسۆس ٨: ١٣- ١٥ بخوێنەوە .

و. هەژاران .

پەندەکان ١٩: ١٧؛ ٢١: ١٣ هەروەها لۆقا ١٦: ٩ بخوێنەوە .

٦. شیوازی ژیانی باوەڕدار قوربانیدان لە خۆدەگرێ .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : جۆری ئەو قوربانیە کامەیە کە مسیح داوای دەکات لە باوەڕداران ؟

تێبینیەکان .

عیسا بانگی شوێنکەوتوانی کرد کە ئارەزومەندانە دوای بکەون و بە هەژاری بژین . بڕوانە ئەم نمونە و ڕاستیانەی خوارەوە :

أ. هەژاری ئارەزومەندانە یاخود خۆبەخشانە .

مەرقۆس ١٠: ٢١ بخوێنەوە .

ب. بێ شوێنی نیشتەجێ بوون .

مەتا ٨: ٢٠ ؛ ١کۆرنسۆس ٤: ١١ بخوێنەوە .

ج. نەبوونی پێویستیە سەرەکیەکان .

فیلیپی ٤: ١١- ١٢ بخوێنەوە . زۆرجار پۆڵس هێندە هەژار بوو تەنانەت پێویستیە سەرەکی و گرنگەکانی ژیانی نەبوو ، وەکو خواردن.

د. بەخشین بە قوربانیدانەوە .

٢کۆرنسۆس ٨: ١- ١٢ ؛ ٩: ٦- ١٥ بخوێنەوە .

هـ . پێشوازی کردن لە میوان .

مەتا ٦: ١٩- ٢٤ ؛ لۆقا ٦: ٣٨ ؛ ١٤: ١٢- ١٤ ؛ فیلیپی ٢: ٣- ٤ بخوێنەوە .

٧. شێوازی ژیانی باوەڕدار بەرپرسیارێتی هاوڵاتی بوون لەخۆ دەگرێ لەجیهاندا .

بزانە : زۆرێك لە کڵێساکانی جیهان کاریان کرد بۆ دانانی پەیمانی لۆزان (Lausanne Covenant) لە نێو پەیمانەکەدا ئەم دەقە دەخوێنینەوە : هەرچەندە ئاشتەوایی مۆرفەکان لەگەڵ یەکتر ، ئاشتەوایی نیە لەگەڵ خودا ، وە کاروباری کۆمەڵایەتی مزگێنیدان نییە ، وە ئازادی سیاسی ، ڕزگاری نییە ، بەڵام ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە کە مزگێنیدان و تێکەڵبوون بەکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشێکە لە ئەرکی باوەڕداریمان . چونکە هەردوکیان گوزارش و پێویستین لەبارەی بیروباوەڕ و فێرکردنەکانمان لەبارەی خوداو مرۆڤەوە ، وە خۆشەویستیمان بۆ نزیکەکان ، وە گوێڕایەڵیمان بۆ عیسای مەسیح .

نابێت باوەڕداران بەشداری بکەن لە کاری تووندوتیژی بۆ وەدیهاتنی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان (مەتا ٢٦: ٥٢) ، بەڵام دەبێت کاریگەری بخەنە سەر کۆمەڵگەکەیان لە ڕێگەی نمونەو فێرکردن وڕاهێنان و کاری بەزەیی و چاکە وەکو بایەخدان بە کەمئەندامان و هەژاران و پێشێلکراوەکانی نێو کۆمەڵگە .

٨. شیوازی ژیانی باوەڕدار هەڵوێستی دروست و بەرپرسانە لەخۆ دەگرێ لەبەرامبەر سەروەت و ساماندا .

١تیمۆساوس ٦: ٩- ١٠ ، ١٧- ١٩ بخوێنەوە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئایا ئەگەر باوەڕدار دەوڵەمەند بێت شتێکی باشە یان هەڵەیە ؟ چۆن ؟

تێبینیەکان .

پۆڵس لە ١تیمۆساوس ٦: ١٧- ١٩ بەڕوونی باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە دەوڵەمەندی هەڵە نیە . بەڵام لە ١ تیمۆساوس ٦: ٩- ١٠ دەڵێ ، هەڵە لەوەدایە کە مرۆڤ حەز دەکات دەوڵەمەند بێت و ئیدی هەوڵ و کۆشش دەکات بە دوای پارەدا ، وە دواتر توشی جۆرەها تاقی کردنەوەو تەڵەو داو دەبێت . هەروەها بڕوانە مەتا ٦: ١٩- ٢٤ .

٩. شیوازی ژیانی باوەڕدار بە تەواوی جیاوازە .

دانیال ٦: ١- ٤ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : شێوازی ژیانی باوەڕداران دەبێت چۆن بێت ؟

تێبینیەکان .

دانیال ٦: ٣- ٤ دەخوێنینەوە : " ئەوە بوو دانیال لە هەموو وەزیر و میرەکان پێشکەوتووتر بوو، چونکە توانایەکی نائاسایی هەبوو، پاشاش پلانی هەبوو کە لەسەر هەموو پاشایەتییەکە دایبنێت. لەبەر ئەوە وەزیر و میرەکان هەوڵیان دا هۆیەك ببینەوە بۆ سکاڵاکردن لە دژی دانیال سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری پاشایەتییەکە، بەڵام نەیانتوانی هیچ گەندەڵییەك لە دانیال ببینەوە، چونکە دەستپاك بوو و گەندەڵی و کەمتەرخەمی تێدا نەبوو.) ئەمڕۆ گەندەڵیەکی زۆر بڵاوبۆتەوە بەتایبەتی لە نێو سەرمایەداران و بەرپرسانی حکومەتدا ، ئەوانە گەندەڵ و گەندەڵکارن و دەبنە هۆی ئازارێکی گەورە بۆ خەڵکێکی زۆر ، لەگەڵ

ئەوەشدا خۆیان دەوڵەمەند دەبن و داهاتیان زۆر دەبێت ، دانیال زۆر بەجیاوازی ژیا بە بەراورد لەگەڵ کەسانی سەردەمی خۆیدا ! دانیال بەهۆی دەستپاکی و سەرڕاستیەو هەروەها بێ لەکەو هیچ گەندەڵیەکی تێدا نەبوو ئەوەی شانازیەی پێ بەخشرا وەکو بەپرسی حکومەت بەم هۆیەشەوە زۆرێك لە نارەحەتی توش بوو ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو نارەحەتی و ناخۆشیانەی توشی بوو ، خودا ڕێزی لێنا زۆر بە مەزنی لە کۆتاییدا ! بۆیە ببە بە نمونەی دانیال ! ئەگەر باوەڕدارێکی سەرمایەداری یان بەرپرسی حکومەتی یان دادوەری یان هەر بەرپرسیارێتیەکەت هەیە خۆت جیاواز بکە لە جیهان ، بێ لەکەو بێ گەندەڵی بەو دەستپاك وسەرڕاست بە و جێگەی متمانەی تەواوەتی بە لەو کارەی پێت سپێردراوە ، زۆر ئازایانە خۆت جیاواز بکە لە گەندەڵ وگەندەڵکارانی ئەم جیهانە !

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**